## ناوی ٧ کەس لە کوژراوەکانی شەڕی دۆێنێی شەری هێزی پێشمەرگە و سپا لە شنۆ/دوایین وێنەکانی قەرەسەقەل



ڕۆژی کورد: ڕۆژی کورد وەک ناوەندێکی سەربەخۆی کوردی، بەدواداچوونی چڕ و پڕی بۆ هەواڵەکان و دەرەنجامی شەڕی دۆینێ چوارشەممە ٢٦ی جۆزەردان لە گووندی قەرەسەقەل لە شنۆ کردووە، بەپێی دوایین زانیارییەکان ناوی ٧ کەس لە کوژراوانی ڕژیم ئاشکرا بووە و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ساخ و سڵامەتی گەیشتوونەوە شوێنی دڵنیا و جێگەی متمانە.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، "حاجی سەمەد بووستانی" جێگری فەرماندەی سپای پاسداران و خەڵکی سایین قەڵا لەو شەڕەدا کوژراوە.

کاناڵەکانی تلێگرامی نەغەدە هەروەها باسیان لە کوژرانی کەسێک بە ناوی "واحد حیکمەت" خەڵکی نەغەدە کردووە کە پێدەچێ ئەمڕۆ یان دۆینی شەو لە نەخۆشخانە تەواو بووبێ نەک ئەوەی کە لە کاتی شەڕەکەدا کوژرابێ، ئەمڕۆ کات ژمێر ١٧ تەرمی ئەو کوژراوەی سپا لە سۆلدووز دەنێژرێ.

هەروەها لەو شەڕەدا چەند جاش بە ناوەکانی یۆسف ئەحمەدی (خەڵکی نەڵۆس)، مستەفا خالیدی (خەڵکی شنۆ)، عوبەید هەرکی (خەڵکی گووندی کانی سپی)، ئەسکەندەر مامەل (خەڵکی گووندی باڵاگیر) و لەزگین کوری سۆفی زاهیر کوژراون

شایانی ئاماژەیە گەنجێکی گوندی سوورەسەقەل  لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە دەست بەسەر کراوە.

شایانی ئاماژەیە کە دۆینێ و ئەمڕۆ پێنج شەممە و هەینی ٢٧ و ٢٨ی جۆزەردان . ماڵپەڕەکانی ڕژیم وەک هەواڵدەری فارس، باریش نیوز و سۆڵدوز و تەنانەت ڕادیۆ فەرداش هەوڵی چەواشەکاری ئەو شەڕەیان داوە. ماڵپەڕی فارس نیوز لە زمان محەممەد پاکپوور، فەرماندەی هێزی وشکانی سپا، باسی لە کوژرانی دەیان کەس لە هێزی پێشمەرگە کردبوو.

لە ڕاگەیێندراوێک کە قەرارگای حەمزە سەیدووشوهەدای هیزی وشکانیی سپا لە ماڵپەڕی باریش نیوز بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: "دوژمنانی سەرەکیی نەتەوەی ئێران بە سەرکردەیی ئەمریکا و ڕەژیمی سەر بەئەمریکا وەک سەعوودیە و پشتیوانی بەرینی مادیی، میدیایی و پرۆپاگەندەی دەروونیی گرووهەکی هێزی دژەئینقلابی و حیزبی ڕزیوەی و لەناوچووی وەک دێموکراتیان بە مەبەستی خراپکاری و ئاژاوەگێری و نائەمنی لە ناو خەڵک پاڵ پیوە ناوە تا بێتەوە ئەو بەری سنوورەکان"

لەو ڕاگەیێندراوەدا بە چەواشەکاری باس لە کوژرانی ٩ کەس لە هێزی پێشمەرگە و ٢ جاش کراوە ، ئەوە لە حاڵێکدایە بەپێی سەرجەم زانیارییە جێی پرواکان، سەرجەم پێشمەرگەکان ساخ و سڵامەتن.

شایانی باسە هێزەکانی ڕژیم کە گورزی تووندیان لە هێزەکانی پێشمەرگە لەو شەڕەدا خواردووە دواتر و لە کاتی شەڕەکەشدا بۆ تۆڵە سەندنەوە، ئاواییەکەیان داوەتە بەر ئارپیجی و بەشێکی زۆری گووندەکە هەروەک لە وێنە تایبەتییەکانی هەواڵنێری ڕۆژی کورد لە قەرەسەقەل دا دیارە ڕووخاوە.

...........

**جاشە کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ڕابردوو لە شنۆ بە گۆڕ کران**

...........

**ناوی کوژراوەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ئاشکرا کرا**

کوردستان میدیا: شوناسی ئەندامان و جاشە کوژراوەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سپای پاسداران ئاشکرا بوو.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، دوای هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی سەر بە سپای پاسداران و جاشەکانی سەر بە ڕێژیم کوژران.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ٤ جاش بە ناوەکانی "یوسف ئەحمەدی، مستەفا خالیدی، عوبەید هەرکی و ئەسکەندەر مامەڵ" خەڵکی "باڵاگیر" کوژراون.

هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی، جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری شنۆ سەرگوردی پاسدار "حاج سەمەد بۆستانی" بە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە کوژرا.

لەو پێوەندییەدا، وتەبێژی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ڕابردوو لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند کە؛ تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ کە لە نێوان گوندەکانی "سەرگیز و قەرەسەقەل" لە ناو خەڵکدا گەڕاون و کاروباری

حیزبیان بەڕێوە بردووە کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا ڕووی داوە.

دواپیین هەواڵەکان کە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، باس لەوە دەکەن کە پێشمەرگەکان لەو گوندانە کە نزیکی شەڕەکە بووە دوور کەوتوونەتەوە و ڕێژیم بازنەی گەمارۆکەی گەورەتر کردووەتەوە و بەردەوام هێز دەنێرێت بۆ شوێنی شەڕەکەی دوێنێ.

...........

## هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نەزۆک مایەوە

کوردستان میدیا: لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، ژمارەیەکی زۆر لە پاسدارانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوون.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، دوای ئەوەیکە ڕۆژی ڕابردوو ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی، تیمێکی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی گەڕان و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی لە نێو خەڵکدا، کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوونێکی قورس هاتە ئاراوە.

هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەنێوخۆی کوردستانەوە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان هێزێکی زۆری هێناوەتە شاری شنۆ و بە تەواوی ناوچەکەی میلیتاریزە کردووە.

هەر بەپێی ئەو هەواڵانە، ڕێژیم بە چەکی قورس لە گوندی "حەسەنووران" تۆپبارانی ناوچەکە دەکات و زیانی ماددیش بە هاووڵاتییان گەیشتووە.

هەروەها سەرچاوەکانی هەواڵ لەو بارەیەوە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیایان ڕاگەیاند کە؛ ١١ پاسداری ڕێژیم و ٣ جاش لە ئەنجامی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا کوژراو و بریندار بوونە و جاش و بەکرێگیراونی ڕێژیمی ئێران لەو ناوچەیەش لە حاڵەتی ئامادە باشی دان و دەنگی تەقە دەبیسرێت.

لەو شەڕەدا یەکێک لە پاسدارە کوژراوەکان پلەی سەرهەنگی هەبووە و سێ جاشیش بە ناوەکانی "یووسف ئەحمەدی، مستەفا خالیدی و ئەسکەندەر مامەڵ" خەڵکی گوندی "باڵاگیر" کوژراون.

هەواڵنێری کوردستان میدیا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، پاش شەڕێکی قورس، پێشمەرگەکان بە سەلامەتی دەربازبوونە، بەڵام هێزەکانی ڕێژێم چوونەتە ناو سێ گوندی "قەرەسەقەل، سەرگیز و حەسەنووران" و حکوومەت نیزامیان ڕاگەیاندوە و لە گوندی قەرەسەقەل ماڵی "کەریم حەجەم"یان بە "ئار.پی.جی" پێکاوە و زیانێکی زۆریان بەو ماڵە گەیاندووە و بەپێی ئەو هەواڵە دوو کوری ئەو ماڵەش گیراون.

هەروەها هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا ڕایگەیاند کە؛ ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردان لە گوندی حەسەننووران و قەرەسەقەل هێزەکانی ڕێژێم جێگیر کراون و دەورەی گوندەکانیان داوە و هاتوچۆی خەڵکیان خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە.

هەروەها هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە لە گوندی قەرسەقەل لە سەر لەبەیانیی ئەمڕۆوە دەنگی گرمەی تۆپ دەێ و تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بە هۆی پچڕانی هێڵی تەلەفوون کەس ئاگاداری بارودۆخی قەرەسەقەل نیە، بە تایبەتی ئەوەی کە دوێنێ شەو ئەو گوندە چۆڵ کراوە و ڕێژیم لەوێ جێگیر بووە.

دوایین هەواڵەکان کە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، باس لەوە دەکەن کە پێشمەرگەکان لەو گوندانە کە نزیکی شەڕەکە بووە دوور کەوتوونەتەوە و ڕێژیم بازنەی گەمارۆکەی گەورەتر کردووەتەوە و بەردەوام هێز دەنێرێت بۆ شوێنی شەڕەکەی دوێنێ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کەسێکی ڕێژیم بە ناوی "سەردار ئەحمەدی" فەرماندەریی ئەو شەڕە دەکات.

لەو پێوەندییەدا، وتەبێژی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ڕابردوو لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند کە؛ تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ کە لە نێوان گوندەکانی "سەرگیز و قەرەسەقەل" لە ناو خەڵکدا گەڕاون و کاروباری حیزبیان بەڕێوە بردووە کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیمدا ڕووی داوە.

وتەبێژی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکرات هەروەها ڕایگەیاند کە؛ ڕادەی تەلەفاتی هێزەکانی ڕێژیم بەرچاوە و ڕێژیم بە ئامبوولانس کوژراو و بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی شاری شنۆ ڕادەگوازێت و هاتووچۆ بۆ نەخۆشخانە قەدەغە کراوە.

.........

**جێگری فەرماندەی سپای شاری شنۆ بەدەست هێزەکانی پێشمەرگە کوژرا**



"حاجی سەمەد بۆستانی" جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری شنۆ، لە شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی داگیرکەری کوردستاندا کوژرا.

کوردستان میدیا: "حاجی سەمەد بۆستانی" جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری شنۆ، لە شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی داگیرکەری کوردستاندا کوژرا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ئەنجامی شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی داگیرکەری کوردستان، "حاجی سەمەد بۆستانی" جێگری فەرماندەی سپای پاسدارنی ڕێژیم لە شاری شنۆ کوژراوە.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ڕێژیم هێزی زۆری ڕەوانەی ئەو شارە کردووە و دەنگی تەقە دەبیسرێت و ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردان لە گوندی حەسەنئووران و قەرەسەقەل هێزەکانی ڕێژێم جێگیر کراون و دەورەی گوندەکانیان داوە و هاتوچۆی خەڵکیان خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە.

هەروەها سەرچاوەکانی هەواڵ لەو بارەیەوە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیایان ڕاگەیاند کە؛ ١١ پاسداری ڕێژیم و ٣ جاش لە ئەنجامی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا کوژراو و بریندار بوونە و جاش و بەکرێگیراونی ڕێژیمی ئێران لەو ناوچەیەش لە حاڵەتی ئامادە باشیدان و دەنگی تەقە دەبیسرێت.

لەو شەڕەدا یەکێک لە پاسداراه کوژراوەکان پلەی سەرهەنگی هەبووە و سێ جاشیش بە ناوەکانی "یوسف ئەحمەدی، مستەفا خالیدی و ئەسکەندەر مامەڵ" خەڵکی گوندی "باڵاگیر" کوژراون.

.........

**جاشێک لە شەڕی نێوان هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم و پێشمەرگەدا کوژرا**



گۆپاڵبەدەستێکی ڕێژیم بە ناوی "یوسف ئەحمەدی" خەڵکی شارۆچکەی نەڵۆس، سەر بە شاری شنۆ کوژرا.

کوردستان میدیا: لە شەڕی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و سپای پاسدارنی ڕێژیمی ئێراندا، گۆپاڵبەدەستێکی ڕێژیم کوژرا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و داگیرکەرانی کوردستان، لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاویدا، گۆپاڵبەدەستێکی بەناوبانگی ڕێژیم بە ناوی "یوسف ئەحمەدی" خەڵکی شارۆچکەی نەڵۆس، سەر بە شاری شنۆ کوژرا.

بەپێی هەواڵەکان، ئەو مۆرەیەی سەر بە ڕێژیم لە کاتی شەڕ دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا کوژراوە.

وتەبێژی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ڕابردوو لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند کە تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ کە لە نێوان گوندەکانی "سەرگیز و قەرەسەقەل" لە ناو خەڵکدا گەڕاون و کاروباری حیزبییان بەڕێوە

بردووه، کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا، شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیم ڕووی داوە و هێزەکانی ڕێژیم تەلەفاتێکی زۆریان داوە.

.........

**ڕێژیمی دڕەندەی ئێران مێژووی خۆی لە کاولکردنی کوردستان دووپات کردەوە**

کوردستان میدیا: هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە هێرش بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ماڵی هاووڵاتییەکی دانیشتووی گوندی "قەرەسەقەل"ـی کاول کرد و مێژووی نگریسی خۆی لە کوردستان دووپات کردەوە.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ماڵی هاووڵاتییەکی دانیشتووی گوندی قەرەسەقەل بە ناوی "یوسف بائیکرام" لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە سوتێندرا.

بەپێی ئەو هەواڵە ڕێژیم دوای ئەو هێرشە دڕندانەیە دەستی داوەتە ڕەشبگیری و وێرانکردنی گوندی "قەرەسەقەل"و ئەو گوندەی داوەتە بەر گوللـە RPGو خومپارە و چەندین چەکی دیکە و خەسارێکی زۆری بە دانیشتووانی ئەو گوندە گەیاندووە.

دوای ئەوەیکە ڕۆژی ڕابردوو چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی، تیمێکی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی گەڕان‌و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی لە نێو خەڵکدا، کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و لە ئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوونێکی قورس هاتە ئاراوە.













......

**ڕێژێمی ئێران شکستی خۆی لە دەست هێزی پێشمەرگە بە درۆ و چەواشە قەرەبوو دەکاتەوە**

کوردستان میدیا: بەرپرسانی سپای تێرۆریستی پاسداران لە پارێزگای ورمێ بۆ قەرەبووی شکست و دۆڕانی خۆیان بە دەست هێزی پێشمەرگەوە، دەستیان داوەتە پرۆپاگەندا دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستانی میدیا، دوای ئەوەیکە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران ڕۆژی ڕابردوو لە نێوان گوندەکانی قەرەسەرقەل و سەرگیز هێرشیان کردە سەر تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و شکستێکی قورسیان لە هێزی پێشمەرگە خوارد و چەندین کوژراو و برینداریان دا، دەستیان داوەتە درۆ و چەواشەکاری بۆ ڕووخاندن و دابەزاندنی وره و ئیرادەی هێزی پێشمەرگە و خەڵک.

بەپێی ئەو هەواڵانە ڕێژیمی ئێران لە ڕاگەیەنەکانی خۆی بڵاوی کردووەتەوە کە لە شەڕ و پێکدادنەکانی ڕۆژی ڕابرددو لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ١٢ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید کراون.

ئەو هەواڵ و لێداونانەی ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدایە کە هێزەکانی سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران شکستێکی قورسیان لە هێزەکانی پێشمەرگە خواردووە و چەندین کەس لە هێزەکانی ڕێژیم و چەند جاشی ئەو ناوچەیەش کوژراون.

ڕێژیمی ئێران هەروەها بۆ تێکدان و دابەزاندنی وره و ئیرادەی خەڵک بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕاگەیاندن و تۆڕه کۆمەڵایەتییەکاندا دەستی داوەتە چەواشەکارییەکانی و ڕێژیمی ئێران باس لە شەهیدبوونی پێشمەرگەکان دەکات و ئەوەش تەنیا بۆ قەرەبووی زیانی مەعنەوی و ماددیی خۆیەتی.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، تیمی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ زیانێکیان پێ نەگەیشتووە و ساغ و سەلامەتن.

**هەواڵی درۆی کۆماری ئیسلامی**

*انهدام کامل دو تیم تروریستی و هلاکت 12 تروریست در شمال غرب کشور*




*به گزارش ایرنا از سپاه نیوز؛در پی اعلام شب گذشته سردار سرتیپ پاسدار محمد پاکپور فرمانده نیروی زمینی سپاه مبنی بر درگیری رزمندگان قرارگاه حمزه سید الشهداء (ع) با دو تیم تروریستی ضد انقلاب در شمال غرب کشور، روابط عمومی این نیرو در اطلاعیه ای اعلام کرد:در پی رخنه ی 2تیم تروریستی ضد انقلاب در روز گذشته به منطقه ی مرزی اشنویه برای ایجاد ناامنی و شرارت در داخل کشور، رزمندگان قرارگاه حمزه سید الشهداء (ع) نیروی زمینی سپاه با انجام اقدامات دقیق و موفق اطلاعاتی ، آنان را شناسایی و طی یک عملیات تعقیب،گریز و درگیری این تیم تروریستی را متلاشی و12نفر از تروریست ها را به هلاکت رساندند.*

این اطلاعیه می افزاید: در جریان این عملیات مقادیر قابل توجهی سلاح، مهمات، تجهیزات و اسناد از تروریست ها به دست رزمندگان اسلام افتاد.

این اطلاعیه با اعلام اینکه در این عملیات سه تن از رزمندگان دلاور و غیرتمند سپاه اسلام به فیض شهادت نائل آمدند، تاکید کرد: نیروی زمینی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی و سایر مدافعان انقلاب و نظام مقدس جمهوری اسلامی ایران با اشراف کامل اطلاعاتی و مراقبت های همه جانبه، هرگونه تحرک در مناطق مرزی را با دقت تحت نظر داشته و اجازه نخواهند داد امنیت پایدار و آرامش مثال زدنی مردم شریف استان های مرزی شمال غرب کشور مورد تهدید گروهک های تروریستی ضد انقلاب و اشرار مسلح وابسته به نظام سلطه و صهیونیسم قرار گیرد.

اجتمام**7268** 1701

.....



وێنەی جاشەکان



جاشە کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ڕابردوو لە شنۆ بە گۆڕ کران



جاشە کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ڕابردوو لە شنۆ بە گۆڕ کران



جاشە کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ڕابردوو لە شنۆ بە گۆڕ کران



جاشه کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ڕابردوو لە شنۆ بە گۆڕ کران




**شنۆ.. شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و سوپای پاسداران دەستی پێکردەوە**

شەریف فەلاح، باس نیوز

"بەهۆی بۆردومانی سوپای پاسدارانەوە دوو هاووڵاتیی مەدەنی شەهید بوون"

پاش شەرەکەی دوێنێ ئێارەی لە نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە گوندێکی شاری شنۆ، بەرەبەیانی ئەمڕۆ دیسان شەڕ و پێکدادان لە نزیک ڕووداوەکەی دوێنێ، دەستی پێکردووەتەوە.

بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کەلە شاری شنۆوە بە ئاژانسی (باسنیوز) گەیشتوون، لە دوێنێ ئێوارەوە و پاش ڕوودانی شەڕ لە نیوان هێزیکێ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرتان و سوپای پاسداران، هێزە سەربازیەکانی ئێران ناوچەکە بە تۆپ و چەکی قورس بۆردومان دەکەن.

لەم بارەوە کاوە بەهرامی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا، و ئەندامێکی ئەنجومەنی سەربازیی ئەو حیزبە بە ئاژانسی (باسنیوز)ی ڕاگەیاند"کە پێشمەرگەکانی حدکا پاش شەڕی دوێنێ، لە شوێنی شەڕەکە دەرباز بوون و ئەوان هیچ شەهید و بریندارێکیان نییە."

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شنۆوە بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند "کوێستان و سروشتی گوندەکانی "حەسەن نووران، قەرەقەسەل" لە دوێێوە بە هێزێکی زۆری سوپای پاسداران گەمارۆ دراون و بەبێ هۆ ناوچەکە تۆپ و خومپارە باران دەکرێت."

کاوە بەهرامی گوتیشی "ئەو زانیارییانەی بە ئێمە گەیشتوون باس لە ڕوودانی شەڕ دەکرێت، بەڵام وردەکاریمان لەبەردەست نییە."

لەبارەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە بە خەڵکی گوندەکان گەیشتووە "کاە بەهرامی، ئەندامی ئەنجومەنی سەربازیی حدکا گوتیشی"بەهۆی شەڕ و هێرشی کۆماری ئیسلامی بە هاوەن چەند ماڵێکی هاووڵاتیان زەرەر و خەساری بەرکەوتووە."

ئاماژەی بەوەش کرد "گوایە دوو کەسی مەدەنیش بەهۆی هێرشی سوپای پاسدارانەوە شەهید بوون، بەڵامزانیاریی ورد لەبارەی ناو و ناسنامە و تەمەنیان لەبەردەستدا نییە."

گوتەبێژی ئەنجومەنی سەربازیی حدکا دوێنێ چوارشەممە ڕایگەیاندووە "دوانیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2016 -6 -16 تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ کە لە نێوان گوندەکانی "سەرگیز و قەرەسەقەل" لە ناو خەڵکدا گەڕاون و کاروباری حیزبیان کردووە کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و لە ئەنجامدا شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیم ڕووی داوە."

زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە لەو شەڕ و پێکدادانەدا پاسداری حکوومەتی ئێران و فەرماندەیەک کوژراون، هەروەها لە لە دوێنێوە ناو گوندی "حەسەن نووران"ی شنۆ پڕە لە هێزی پاسدار و قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندراوە و ڕێوشێنی توندی ئەمنی گیراوەتە بەر.

زانیارییە خۆجێییەکان باس لەوە دەکەن لە گوندی قەرەقەسل، هێزەکانی سوپای پاسداران ماڵێکیان داوەتە بەر هاوەن و کورێکی ئەو ماڵەش لەلایەن ئەو هێزانەوە دەست بەسەر کراوە.

هێزێکی زۆر و بەرچاو لە لای پیرانشارەوە بەرەو ئاوایی حەسەن نووران و شوێنی شەڕ و پێکدادانەکان هاتوون.

لەو شەڕەدا فەرماندەیەکی باڵای هێزەکانی ڕژیم و ٥ پاسدار کوژراون و هەندێ سەرچوەی دیکەش باس لو کوژرانی 11 ئەندامی سوپای پاسداران دەکەن.

لە شەڕەکەی دوێنێدا ئەندامێکی کوردی سوپای پاسداران بەناوی “ئەسکەندەر مامەل” خەڵکی ئاوایی باڵاگیر ـی سەر بە شاری شنۆ کوژراوە.

نەخۆشخانەی شاری شنۆ بە شێوەیەکی بەرچاو بریندارای شەڕی ئدوێنێی تێدایە و ئیزنی هیچ کەسی ئاسایی نادرێت بچتە ناو نەخۆشخانە و لە فەلەکەی فەرمانداری بەرەو نەخۆشخانە لە کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەتی ئێران دایە.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەواڵ و زانیارییانە محەمەد خاکپوور، فەرماندەی هێزی زەمینیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەواڵدەریی (فارس)ی سەر بە سوپای پاسداران هەواڵی

شەڕ و پێکدادانەکانی پشتڕاست کردووەتەوە و گوتوویە گوایە "هێزەکانی سوپای پاسداران دوو تیمی تیرۆرسیتییان لە نزیک شاری شنۆ لەناو بردووە و هەموویان کوژراون."

دوایین زانیارییەکان لە شنۆوە باس لەوە دەکەن، کە لەناو گوندی قەرەقەسەل دووکەڵ هەڵدەستێ و لە دەوروبەری گوند هەر دەنگی تەقەی چەکی قەناسە دێت.

**جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران لە شنۆ کوژرا**

شەریف فەلاح، باس نیوز

"چاودێرێکی سیاسی: کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆریست دەزانێت نەک پێشمەرگەی حدکا"

بەپێی هەواڵێکی کوردستان میدیا، ماڵپەری فەرمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە شەڕ و پێکدادانی ئەمڕۆی نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سوپای پاسداران، جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران لە شنۆ کوژراوە.

ئەو سەرچاوەیە بڵاوی کردووەتەوە کە لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری لە نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و سوپای پاسداران لە گوندەکانی دەوروبەری شنۆ حاجی سەمەد، جێگری فەرماندەی گشتیی سوپا لە شاری شنۆ کوژراوە.

هاوکات کاوە بەهرامی، ئەندامی ئەنجومەنی سەربازیی حدکا لە لێدوانێکدا ئەمڕۆ پێنجشەممە بۆ ئاژانسی (باسنیوز) ڕوودانی شەڕ و پێکدادانی ئەمڕۆی نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و سوپای پاسدارانی لە گوندەکانی شنۆ پشتڕاست کردەوە، بەڵام بێ ئاگایی خۆی لە زانیاریی ورد لەبارەی ئەنجام و ڕێژەی کوژراو و برینداری حکوومەت دەربڕی.

لە کاتێکدا ئێوارەی دوێنێ و لە ئەنجامی شەڕی نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و سوپای پاسداران لە گوندەکانی "سەرگیز و قەرەقەسەل" 6 ئەندامی سوپای پاسداران کوژراون کە یەکیان فەرماندەیە، کەچی ئاژانس و میدیا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامیوەک ماڵپەڕەکانی (ئیرنا، ئیسنا، فارس، تەسنیم، تابناک و کوردپرێس) بە یەک زمان و یەک گوتار، هەوڵی بەلاڕێدابردنی پرسەکە دەدەن و پێشمەرگە و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە "تیرۆریست و دەست و پەیوەندیی بێگانە و ئەمەریکا" وەسف دەکەن و لە بەیاننامەکەی قەرارگا (بنکە)ی حەمزە سەیدولشوهەدای سەر بە سوپای پاسداراندا کە بۆ خەڵکی ورمێ و بیروڕای گشتی بڵاو کراوەتەوە، هاتووە"حزبی هەڵوەشاوە و تیرۆریستی دیموکرات و دەست و پەیوەندیی ئەمەریکایە و دژی شۆڕشی ئێرانن"

هەر لەم پەیوەندییەدا حسام دەستپیش، چاودێری سیاسی و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند "هێنانەبەرباسی ئەم گوتارە یەکدەست و هاوچەشنە لە ئاستی ڕاگەیاندندا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە نوێ نییە و لەمێژە داڕێژراوە بە خۆشییەوە بەرلەوەی ئەو بێت و باسی بکات، کۆمەڵگەی وریای خۆرهەڵاتی کوردستان لە جەوهەرەکەی دەزانێت، بۆیە بەڕای هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بیروڕای کوردی خۆرهەڵات نابێت."

لەبارەی کاریگەریی ئەو گوتارەی کۆماری ئیسلامی لەبارەی پێشمەرگە و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات حسام دەستپیش گوتیشی: "بەپێی هەموو بەڵگەکان و بەپێی دیکیۆمێنتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە تیررۆریست دادەنێت، نەک پێشمەرگە و بزووتنەوەی کورد بەگشتی."

هەر لەم پەیوەندییەدا ئەکرەم میهرداد، نووسەر و چاودێری سیاسی بە ئاژانسی (باسنیوز)ی ڕاگەیاند "کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە حکوومەتێکی توندڕەو، دتکتاتۆر و چەسوێنەر دەناسرێ، هەروەک بە درێژایی مێژوو لە کوشت و کوشتاری کورد و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێغیی نەکردووە، ئێستاش دانێ خێر بە کورد و پێشمەرگەی حدکادا نانێت و بۆیە خۆی لەناو هێنانیان دەبوێرێ و بە تیرۆریستیان وەسف دەکات."

ئەکرەم میهرداد، لەبارەی پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆچوونی خۆی خستەڕوو و گوتی "بەڕای من لە هەلومەرجی ئێستا و بەپێی دۆخی ئێستای کوردستانی باشوور و لەبەر پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانیان کە لەگەڵ ئێران هەیانە، ناتوانن پشتگیری لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بکەن."

ئاماژەی بەوەش کرد "هەروەها پێم وایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی لە دۆخی ئێستایدا و لەبەر پاراستنی هێز و هاوسەنگی و ئەو پەیوەندییە قووڵەی کە لەگەڵ ئێرتان هەیەتی، پشتیوانی لە دۆز و بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات ناکات."

هاوکات ئاماژەی بەوەش کردووە کە 9 پێشمەرگەی حدکایان شەهید کردووە، لە بەرانبەردا کاوە بەهرامی ئەندامی ئەنجومەنی سەربازیی حدکا دەڵێ، "هیچ پێشمەرگە و کادر و ئەندامێکمان نە شەهید بووە و نە بریندارە."

**حدکا: 20 ئەندامی سوپای پاسداران کوژراون و بریندارن**

رووداو- رۆژهەڵاتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاماری زیانەکانی شەڕی نێوان پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە و سوپای پاسدارانی راگەیاند کە لە رۆژی چوارشەممەوە لە سنووری شنۆ دەستیپێکردووە.

روستەم جەهانگیری، بەرپرسی کۆمیسیونی سیاسی- سەربازی حدکا رایگەیاند: "لە ئەنجامی شەڕی رۆژی رابردووی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ سوپای پاسداران 6 کەس لە هێزە سەربازییەکان ئێران کوژراون و 14 کەسیش بریندار بوون".

بەگوتەی جەهانگیری، کوژراوەکان چوار کەسیان لە ئەندامی سوپای پاسداران بوون کە دوو کەسیان ئەندامی خۆجێی سوپا بوون. هەروەها دوو کوژراوەکەی دیکەش سەربە هێزەکانی پۆلیسن.

بەپێی زانیارییەکان حاجی سەمەد، جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی شنۆ سەرلەبەیانی رۆژی پێنجشەممە 16-6-2016 لە شەڕی نێوان هەردوولا کوژراوە و شەڕیش بەردەوامە. سوپای

پاسداران تاوەکو ئێستا ئەم زانیاریانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە. بەڵام میدیای نزیک لە سوپای پاسداران، کوژرانی دوو ئەندامی سوپای پاسدارانی خەڵکی شنۆی پشتڕاست کردووەتەوە.

موحەممەد پاکپور، فەرماندەی هێزی وشکانی سوپای پاسداران، ئیوارەی رۆژی چوارشەممە15-6-2016 گوتی: "دوو تیمی تیرۆریستی لە ناوچەی شنۆ و لەلایەن هێزەکانی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسدارانەوە کراونەتە ئامانج و ژمارەیەک لەوانیان کوشتووە".

ئاژانسی هەواڵی ئیرنا کە ئاژانسی فەرمی حکومەتی ئێرانە، لە زاری ئەندامانی خۆجێی سوپای پاسدارانەوە بڵاوی کردووەتەوە کە 8 ئەندامی حدکا کوژراون و تەرمەکانیان لەژێر دەست سوپای پاسدارانە.

لەو شەڕەدا هێزەکانی سوپای پاسداران بە ئار پی جی دوو ماڵیان لە گوندی قەرەسەقەل لە ناوچەی شنۆ ئاگر تێبەرداوە.

بەپێی زانیارییەکان، سوپای پاسداران هێزێکی زۆری سەربازی لە ناوچەی شنۆ و بەتایبەت لە ناوچەی حەسەن نووران و پرداوێ جێگیر کردووە و تۆپبارانی ناوچەکانی قەرەسەقەل و سەرگیز بەردەوامە.

**ئاخرین هەواڵی شەرەکە**




**سدیق دەرویشی ، فەرماندە و سەرپەرەشتیاری هێزی پێشمەرگەی حدکا لە شەڕەکەی دوێنێی شاری شنۆ، بۆ کوردستان٢٤ :**

**پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گورزێکی کوشەندەیان لە پاسدارانی رژیم داوە و لە ناوچەی شەڕ دوور کەوتوونەتەوە. لە ئێستاشدا لەئامادەباشی تەواودان بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر ئەگەر و هێرشێکی رژیم.**

...

سەرچاوە: www.peshmergekan.com